# منداڵی بێ زمان
# حکومەتی بێ ویژدان



محەمەد گەلاڵەیی

یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێك، ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵانە، لە کوردستانیش من ئەو ڕۆژە ناو دەنێم جەژنی ئیشی منداڵانی کوردستان، بۆ نموونە: ئەگەر ئامارێك وەربگریت ئەوا زۆرترین منداڵی کورد لەو ڕۆژەدا کاردەکات. ! بەتایبەتیش لەو شارە داماوەی سۆراندا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو پێشێلکاری مافی منداڵانی تێدا ئەنجامدەدرێت، ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان لەو شارەدا بە پیاسەیەکی ئەم سەرو ئەوسەری بازار بۆت دەردەکەوت، کە سەدان منداڵی دەستگێڕ، شاگردی دوکانو فیتەرچیەکانو کارگەکانو بۆیەکەری پێلاون، نازانم چۆن دڵیان دێت بەو منداڵانە پێڵاوەکانیان بۆیە بکەن، منداڵانی دەرۆزەکەر، پەککەوتەو بێ ئیشو نەخوێندەوار. ئەم منداڵانە نازانن جەژن چیە، بەڵکو کە ئێوارە دێتو قازانج دەکەنو پارەی وەستاکانیان وەردەگرن، ئەوە بۆ ئەوان جەژنە، نەك یەکی حوزەیرانی هەموو ساڵێك، کوا مافی منداڵان لە تێهەڵدانیان لە کونجەکانی زینداو وونکردنی مافەکانی منداڵ لە لایەن دەسەڵاتەوە، منداڵ لە وڵاتی من بۆتە بوونەوەرێکی بێ زمانو هەوڵیش دەدرێت بێ زمانتر بکرێت، بۆ ئەوەی نەوەیەکی بێدەنگ دروست بێتو حکومەتێکی بەویژدانیش ژیانیان بخاتە هەسارەی های لایفەوە..! لەهەمان کاتیشدا کە زمانی حکومەتی ئێمە دەکەیتەوە لەسەر ئەمن و ئاسایش دەڵێت: لە واشنتۆنو لەندەنیش ئەو ئاسایشە نییە.!، بەڵام من پرسیار لەو حکومەتە بەویژدانە دەکەم، ئایا ئاسایشی منداڵ سەقامگیرە؟ کە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی، منداڵ دەبێ پارێزگاری بکرێت لە کاتی ئیشکردنو هاتووچۆو چوونی بۆ قوتابخانەو لێنەدانی لەلایەن هەندێك مامۆستای مۆدێرن. ئەو بێدەنگیەی حکومەت وایکردووە بێ ویژدانییەکی گەورە دروست بکات دەرهەق بە داهاتووی منداڵ، چونکە وادەکات منداڵی نەخوێندەوار، بێ ئومێد، لاقە کراو، زیانبەخش، کە ئایندەی دەبێتە دۆزەخێك کە هەر کاتێك ئەو دۆزەخە گەورە بوو، ڕۆژێك دێت ئەو حکومەتەی پێ دەسووتێت، ئەو حکومەتەی ئێمە ئەوەندە کاری کردووە لەسەر بێ زمان کردنی منداڵی کورد تا لە ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان، منداڵێکی دەستگێڕ لە ناو بازاڕی سۆران نەیدەتوانی بە باشی قسە بکات لەبەرامبەر کامێرای تیڤییەکدا، کە تەماشای منداڵانی دەوربەری خۆمان بکەین یان شارێکی پێشکەوتوو وەربگرین منداڵەکانیان بەو شێوەیە نینو کورد پێیان دەڵێت"زمان لوس"، ئەی ئەو بێدەنگیەی حکومەت واینەکردووە کە نەتوانێت یاسایەك دابڕێژێت بۆ نەهێشتنو کارنەکردنی منداڵ لە شوێنەکانی ناو بازار، هەر لە دەرۆزەکردن بگرە تا ناو فیتەرچیەکان، یاخود بۆ ئەو خێزانانەی هەژاران یارمەتیەکی مادیان بدات، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکرێتو چیتر منداڵەکانیان نەنێرنە چلورە فرۆشتنو سەموون فرۆشتن، بەو هاوینە گەرمە، جا هەر نا بۆ پەیمانگای پیشەییو دەستی ناکاتەوە بۆ ئەو منداڵانەی حەزیان لەکارکردنە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی فێری کار بن، من زۆر جار گوێبیست بوومە کە منداڵ فریشتەی کۆمەڵگایە، بەڵام حکومەتی کوردستان لە ئایندە دەیکاتە دڕەندەی کۆمەڵگا، وا خەریکە دەشیکاتێ، لەبەرئەوەی ڕۆژانە چەندەها منداڵ توندوتیژیان لە گەڵ بەکاردەهێنرێت، هەر لە ماڵی خۆیانەوە تا شوێنی کارکردنی ناو بازاڕو دامودەزگاکانی حکومەتو سەربازی، ئەمە هاوکێشەیەکی دروونناسی دروست دەکات، کە هەر کەسێك توندوتیژی لەگەڵ بەکارهێنرا، ئەوا لە ئایندە هەمان بیرو بۆچوون بەسەریدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆیە توندوتیژی پەرە دەسەنێت، با حکومەت باش بیزانێت ئەو بێدەنگیەی لە هەمبەر ئەو بێ ویژدانیەی لە وڵاتی ئێمە بەرامبەر منداڵ دەکرێت، لە ئەنجامدا ئەو بێدەنگیە دەبێتە دەنگێکی گەورە کە گوێچکەکانی حکومەت دەتەقێنێتو خوێن لە لەشی حکومەت دەچۆڕێنێتو تازە وا دەزانین حکومەت منداڵێکی نوێی بووەو ناوی ناوە ڕۆبۆتە منداڵی کوردی سەدەی بیستو یەکەم. کە گشت خزمەتگوزاریەکانی بۆ دابین کردووە..!